# دور العلاقات الدلالية في إمكانية الوصول المعجمي

رۆژگار رِفعت عبيد
eskm24010@uokirkuk.edu.aq
أ.م.د.سيروان سەمين أحمد
serwansamen4@gmail.com
جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية قسم اللغة الكوردية

**الكلمات المفتاحية**: العلاقات , الدلالية , الوصول المعجمي , الذاكرة , الدلالية

**كيفية اقتباس البحث**

عبيد , رۆژگار رِفعت , سيروان سەمين أحمد , دور العلاقات الدلالية في إمكانية الوصول المعجمي,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# دور العلاقات الدلالية في إمكانية الوصول المعجمي

**The role of semantic relationships in lexical accessibility**

**Rozhgar Rifaat obeed**
eskm24010@uokirkuk.edu.aq
**Sirwan Samin Ahmed**
serwansamen4@gmail.com
**University of Kirkuk , college of Education ,Department of Kurdish language**

**Keywords** : semantic , relations , Lexical access, Semantic , memory

**How To Cite This Article**
Obeed , Rozhgar Rifaat , Sirwan Samin Ahmed , The role of semantic relationships in lexical accessibility ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**ملخص بحث**

تعد دراسة العلاقات الدلالية وكيفية تنظيمها في "الذاكرة الدلا (Semantic Memory) للإنسان من أبرز المواضيع الحيوية في علم اللغة النفسي وعلم المعاني. لا يتعامل الدماغ البشري مع الكلمات ككيانات منفصلة ومخزنة بشكل عشوائي، بل ينظمها ضمن "شبكات دلالية" مترابطة، مما يؤثر بشكل مباشر على آلية وسرعة "الوصول المعجمي (Lexical Access). ينطلق هذا البحث من تساؤل جوهري حول طبيعة العلاقة بين التنظيم الذهني للكلمات—عبر الترادف(Synonymy) ، والتعدد الدلالي(Polysemy) ، والمشترك اللفظي ذو المعاني غير المترابطة—(Homonymy) وبين قدرة المتحدث على استدعاء الكلمات بدقة وسرعة. تكتسب هذه الدراسة أهمية خاصة من خلال تسليطها الضوء على الفروق المعرفية بين المتحدثين "أحاديي اللغة" و"متعددي اللغات (Bilinguals). حيث تشير الأدبيات والبحوث الحديثة إلى أن متعددي اللغات يمتلكون نظاما دلاليا متكاملا ومشتركا(Integrated Semantic Memory) ) مما يعني أن التعرض لكلمة في لغة ما لا ينشط معانيها في تلك اللغة فحسب، بل يستثير تلقائيا شبكة الكلمات والمرادفات المقابلة لها في اللغة أو اللغات الأخرى التي يتقنها المتحدث .يناقش هذا البحث كيف يمكن لبعض العلاقات الدلالية أن تلعب دورا إيجابيا (مسهلا) في الوصول المعجمي، كما هو الحال في "الكلمات المترادفة"، خاصة تلك التي تتشابه دلالياوصوتيا بين لغتين(Cognates) ، حيث تتضافر الجهود الذهنية لتسريع عملية النطق والاستدعاء. وفي المقابل، يستعرض البحث كيف يمكن لـ "التعدد الدلالي" (الكلمات

ذات المعاني المتعددة والمترابطة) و"المشتركات اللفظية" (كلمات متطابقة شكلاومختلفة كلياً في المعنى) أن تخلق تحديات وعوائق معرفية. ففي هذه الحالات، تتفعل معان متنافسة في الدماغ في آن واحد، مما يتطلب جهدا ذهنيا إضافيا ووقتا أطول لعملية "القمع" أو "الكبت (Suppression) للمعاني غير المقصودة بهدف الوصول إلى المعنى الهدف والسياق الصحيح.

Abstract

The study of semantic relationships and their organization within human "Semantic Memory" stands as a vital subject in the fields of psycholinguistics and semantics. The human brain does not process or store words as isolated, randomly placed entities; rather, it structures them within interconnected "semantic networks." This organization directly influences the mechanism and speed of "Lexical Access." Consequently, this research stems from a fundamental inquiry: How does the mental organization of words—specifically through Synonymy, Polysemy, and Homonymy—affect a speaker's capacity for swift and accurate word retrieval? This study gains particular significance by highlighting the cognitive distinctions between monolingual and bilingual speakers. Contemporary literature and recent empirical research indicate that bilingual individuals possess an "Integrated Semantic Memory" system. This implies that exposure to a lexical item in one language does not exclusively activate its meanings within that specific language; rather, it automatically triggers the corresponding semantic networks and translation equivalents in the other language(s) the speaker commands. Furthermore, this research examines how certain semantic relationships can facilitate lexical access. For instance, "synonyms"—particularly "cognates" that share both semantic and phonological similarities across languages—can pool cognitive resources to accelerate the retrieval and articulation process. Conversely, the study elucidates how "polysemy" (words with multiple related senses) and "homonymy" (words identical in form but with completely unrelated meanings) can pose cognitive challenges and barriers. In such instances, multiple competing meanings are simultaneously activated in the brain, demanding additional time and cognitive effort to "suppress" the non-target meanings in order to isolate the intended target word and its appropriate context.

## رۆڵی پەیوەندیە واتایەکان پەیوەست بە دەست پێڕاگەیشتنی فەرهەنگی

ڕۆژگار رفعت عبید
زانکۆی کەرکوک کۆلێژی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی
eskm24010@uokirkuk.edu.aq

پ.ی.د.سیروان سەمین أحمد
زانکۆی کەرکوک کۆلێژی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی
serwansamen4@gmail.com

پوختەی توێژینەوە:

لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە واتاییەکان و چۆنیەتی ڕێکخستنیان لە "یادگەی سیمانتیکی (Semantic Memory) "مرۆڤدا، یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگ و زیندووەکانی دەروونناسیی زمان و زانستی واتا. مێشکی مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ وشەکاندا ناکات وەک یەکەی جیاواز و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی

پاشەکەوتیان ناکات، بەڵکوو لە چوارچێوەی "تۆڕە واتاییەکان"ی بەیەکەوە بەستراودا ڕێکیان دەخات، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر میکانیزم و خێرایی "دەستپێڕاگەیشتنی فەرهەنگی " (Lexical Access).ئەم توێژینەوەیە لە پرسیارێکی جەوهەرییەوە سەرچاوە دەگرێت سەبارەت بە سروشتی پەیوەندیی نێوان ڕێکخستنی زەینیی وشەکان - لە ڕێگەی هاوواتایی(Synonymy) ، فرەواتایی (Polysemy)و هۆمۆنیم - (Homonymy) و توانای ئاخێوەر بۆ بانگکردنەوە و دەستپێڕاگەیشتنی وشەکان بە خێرایی و وردییەوە .ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی تایبەتی هەیە بە تیشک خستنە سەر جیاوازییە مەعریفییەکانی نێوان ئاخێوەرانی "تاک زمان" و "فرەزمان .(Bilinguals) "ئەدەبیات و توێژینەوە نوێیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کەسانی فرەزمان خاوەنی یادگە و سیستەمێکی واتایی یەکگرتوو و هاوبەشن(Integrated Semantic Memory) ؛ ئەمەش بەو واتایە دێت کە بەرکەوتن بە وشەیەک لە زمانێکدا، تەنها واتاکانی لەو زمانەدا چالاک ناکات، بەڵکوو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تۆڕی وشەکان و هاوواتا بەرامبەرەکانی لەو زمان یان زمانەکانی تریشدا چالاک دەکات کە ئاخێوەرەکە دەیزانێت .ئەم توێژینەوەیە باس لەوە دەکات کە چۆن هەندێک لە پەیوەندییە واتاییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی ئەرێنی (ئاسانکار) ببینن لە دەستپێڕاگەیشتنی فەرهەنگیدا، وەک لە حاڵەتی "وشە هاوواتاکان"دا دەردەکەوێت، بەتایبەتی ئەو وشانەی کە لە ڕووی واتا و دەنگەوە لە نێوان دوو زماندا لەیەک دەچن (Cognates)، کە تێیدا توانستە زەینییەکان یەکدەگرن بۆ خێراکردنی پرۆسەی دەربڕین و بانگکردنەوە. لە بەرامبەریشدا، توێژینەوەکە ئەوە دەخاتە ڕوو کە چۆن "فرەواتایی" (ئەو وشانەی چەند واتایەکی پەیوەندیداریان هەیە) و "هۆمۆنیم" (ئەو وشانەی لە فۆرمدا وەک یەکن بەڵام واتاکانیان بەتەواوی جیاواز و ناپەیوەندیدارن) دەتوانن ببنە هۆی دروستبوونی بەربەست و ئاڵەنگاریی مەعریفی. لەم حاڵەتانەدا، چەندین واتای کێبڕکێکار لە یەک کاتدا لە مێشکدا چالاک دەبن، ئەمەش پێویستی بە کات و وزەیەکی زەینیی زیاتر دەبێت بۆ پرۆسەی "سەرکوتکردن" یان "کپکردنەوەی (Suppression) "ئەو واتایانەی کە مەبەست نین، تاوەکو مێشک بتوانێت بڕیار بدات و بگات بە واتای ئامانج.

کلیلە وشە( پەیوەندیە واتایەکان ، دەست پێڕاگەشتنی فەرهەنگی ، یادگەی سیمانتیکی)

**پێشەکی**

**-ناونیشان و بواری توێژینەوە :**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە (پەیوەندییە واتاییەکان پەیوەست بە دەستپێڕاگەیشتنی فەرهەنگی )،هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی بنەما تیۆری و پراکتییەکانی پەیوەندییەواتایەکان پەیوەست دەستپێڕاگەیشتنی فەرهەنگی .

**-ڕێباز و سنوری توێژینەوەکە**

سنوری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی ئاستی سیمانتیکدایە . لەگەڵ ئەوەشدا نمونەو داتاکان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکەوە وەرگیراون و شیکردنەوەی پێویست بۆ نموونەو داتاکان کراو. لە هەمانکاتیشدا ڕێبازی بەراورد کاریش گیراوەتە بەر .

**-ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە پێکدێت لە یەک بەش. کە تەرخان کراوە بۆ لایەنی پراکتیکی کە باس لە پەیوەندیە واتاییەکان کراولای ئاخێوەرانی فرەزمان و لەگەڵ هێنانەوەی نمونە و شیکردنەوەیان.

**پەیوەندیە واتاییەکان پەیوەست بە دەستپێڕاگەیشتنی فەرهەنگی**

ئەگەر بپرسین ئایا پەیوەندی چیە لە نێوان پەیوەندیە واتایەکان( هاوواتا ، دژواتا ، فرەواتا، هۆمۆنێم ، هایپۆنێم ) بە ریکخستنی یادگەی سیمانتیکی و دەستپێڕاگەیشتنی فەرهەنگی؟

توێژەران باس لەوە دەکەن کە پەیوەندییە واتاییەکان تەنها چەمک نین کە لە مێشکدا هەڵگیرابن، بەڵکوو رێگایەکن بۆ دۆزینەوەی وشەکان . بۆ ئەوەی مرۆڤ دەستپێڕاگەیشتنی هەبێت بۆ وشەکان ، هەر بۆیەش ئەوەیان روونکردۆتەوە کە زۆر جار مێشک ئەم وشانە بە تەنها هەڵناگرێت و پاشەکەوتیان ناکات ، بەڵکوو دەکرێت بە شێوەی تۆرێکی پەیوەندیدار پاشەکەوتیان بکات بۆ نموونە وشە هاوواتاکان زۆرجار وەک تۆرێکی پەیوەندیدار لە یادگەدا هەڵگیراون بۆیە ئەمەش زۆر جار وا دەکات کردەی دەستپێڕاگەیشتن خێراتر بکات ( Aitchison ,2012,94-95 ) . زۆرجار لە کاتی وتنی وشەیەک لە کاتی دەربڕیندا ئاخێوەر دەستی پێی ناگات نەتوانێت دەری ببڕێت ئەوا وشەیەکی هاوواتای وەک ئەو لە جیاتی دەردەبڕیت.

**فرەواتایی**

فرەواتایی بەواتایی بوونی چەند واتایەکی پەیوەندیدار بۆ وشەیەک ،بەواتای ئەوەی کە وشەیەک چەند مانایەک لە خۆ بگرێت . بۆ نموونە وشەی (خاڵ) کە لە زمانی کوردیدا بە چەند واتایەک لە خۆدەگرێت

خاڵ--------- برای دایک

خاڵ--------خاڵی سەر روخسار

خاڵ-------خاڵ کە لە کۆتای رستەدا دادنرێت

بەڵام ئەگەر باس لە فرەواتایی بکەین پەیوەست بە دەستپێڕاگەیشتنی فەرهەنگی لای ئاخێوەران، ئەوا بوونی وشەیەکی فرەواتا لای ئاخێوەران دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەو گیروو گرفت بۆ دەستپێڕاگەیشتن یاخود گەیشتن بە وشەی ئامانج لە ئاوەزەی تاکدا ،چونکە لەکاتی بینین یاخود بیستنی وشەیەکی فرەواتا دەکرێت هەموو واتاکان لە یادگەی مرۆڤدا چالاک بن ،ئەمەش هۆکارە ئەوەی ئاخێوەرێکی فرەزمان درەنگ تر بگات بە واتای دروست و ئامانج ، ئەمەش دەکرێت کاتی زیاتر بخایەنێت بۆ ئەوەی واتا ناپێویستەکان دابمرکێنەوەو سەرکووت بکرێن ، لە وشەی فرەواتاکان لای ئاخێوەری تاک زمان تەنها وشە هاوواتاکانی یەک زمان چالاک دەبن لە مێشکدا چونکە تەنها وشە هاو واتاکانی یەک زمان لە مێشکی ئاخێوەرەکەدا ئامادەیە ، بەلام بۆ ئاخێوەرانی فرەزمان وشە هاواتاکانی هەردوو زمانەکە لە مێشکیدا ئامادەیە، هەر بۆیەش دەبێت هۆی چالاکبوونی هاواتاکان لە هەردوو زمانەکەدا ،بۆ نموونە کاتێک ئاخێوەرێکی فرەزمان کە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەزانێت ، کاتێک گوێی لە وشەی (عین) دەبێت کە بەواتای(چاو) دێت لە زمانی کوردیدا ئەوا هەموو واتاکانی تریش لە مێشکیدا سەبارەت بەو وشەیە چالاک دەبێت .

چاو --------(چاو) ئەندامی بینین

.چاو--------(کانی) سەرچاوەی ئاو

چاو -------( سیخوڕ )کەسێک کە چاودێری دەکات

بەواتای ئەوەی کە لەکاتی بیستنی وشەی (عین) ئەوا وشە هاوواتاکانی تری لە زمانی کوردیشدا چالاک دەکات ،نەک تەنها لەو زمانەی کە قسەی پێدەکات لەوکاتەدا.

بە پشت بەستن بە توێژەران کە لە توێژینەواکانیاندا ئاماژەیان بەوە داوە کە وشە فرە واتاکان کە چەند وەرگێڕانێکی هەیە ،بەبەراورد بەو وشانەی کە تەنها یەک واتایان هەیە فێربوون و بە پرۆسەدابردن و هێنانەوەو دەستپێڕاگەیشتنی وشەکە لە یادگەی مرۆڤدا قورستر دەکات ( Michael and Tokwicz,2011,80).بە واتای ئەوەی وشە فرەواتاکان کاریگەری نەرێنی دەخاتە سەر رێکخستنی

یادگەو دەبێت هۆی ئەو چالاکبوونی چەندین واتای جیاواز بەیەکەوە ،بۆ ڕێکخستنی یادگە و جیاکردنەوەی ئەم زانیاریانە ، مێشک پێویستە بۆ هەڵبژاردنی واتای دروست توانای سەرکوتکردن و کپکردنەوەی زانیاریەکان زیاد بکات ،چونکە کاتێک وشەیەک یەک واتای هەبێت مێشک هەموو وزەکە بەکاردەهێنێت بۆ دۆزینەوەی یەک وشە ، بەڵام بوونی وشەی فرەواتا وا دەکات وزەکە دابەش بێت بۆ چەند مانایەک ئەمەش زۆرجار دەبێت هۆی دواکەوتن لە وڵامدانەوە وتێکەڵبوونی ماناکان چونکە ئاخێوەر توشی سەرلێشیواوی دەکات .

توێژەرانی وەکو دێگانی هاوکارانیشی. لە توێژینەوەکانیاندا باسی ئەوەیان کردوە کە فرەواتایی دەبێتە هۆی دروستبوونی بەربەست لە بەردەم دەستپێڕاگەیشتنێکی خێرادا لەلایەن تاکەوە وە باس لەوەش دەکەن کە ئەوپێکهاتەی واتایی وشەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر خێرایی و وردی بانگردنەوەی وشەکان ، ئەو وشانەی کە فرەواتان ،واتا وشەیەک لە زمانی دایکدا بەرامبەرە بە چەند واتایەک لە زمانی دووەم دا ئەوا دەستپێڕاگەیشتن پێیان قورسترە ،ئەم قورسیو سەختیەش بەتایبەتی لە کاتی قسەکردن و ناسینەوەدا دەردەکەوێت ( سەرچاوەی پێشوو) بۆ نموونە ئاخێوەرێکی فرەزمان کە زمانی دایکی کوردیە و زمانی دووەمی کە دەیزانێت عەرەبییە کاتێک گوێ لە وشەی (سەر) دەبێت ئەوا هەموو هاوواتاکانی کە لە زمانی عەرەبی دان لە مێشکیدا چالاک دەبن ، وەک(رأس) (فوق) (منج).بڕوانە نمونەی خوارەوە




یاخود ئاخێوەرێکی فرە زمان کە زمانی دایکی عەرەبیە بەڵام زمانی کوردیش دەزانێت کاتێک وشەیەکی وەک (ضرب ) دەبیستێت دەگات بە ئاوازەی ئاخێوەرەکە ، ئەوا هەموو واتاکانی تریش لە ئاوازەیدا چالاک دەبێت لە زمانی کوردیدا وەک (هێنانەوە ،گەشتکردن ،چاپکردن ،جاران (لێکدان ).




وشە فرە واتاکان لە شێوەی تۆڕێکدا پێکەوە بەستراون لە یادگەی ئاخیوەراندا ، وەک لەو نمونەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە وشەیەکی ئاڵۆز لە یادگەی وەرگێڕدا چەندان بەستەری جیاواز دروست دەکات لە مێشکی وەرگێڕدا . هەروەها ڕێکخستنەکانیان لە یادگەی سیمانتیکیدا بە شێوازی ڕیزکراون، واتا وشە فرەواتاکان کە واتاکانیان زۆر لەیەکترەوە نزیکن لە ئاستێکی نزیکترن و ئەو وشانەی کە

واتاکانیان بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک کەمتر لە یەکترەوە نزیکن لە ناوەڕاستی ڕیزبەندیەکەدان و ئەو ووشانەشی کە واتاکانیان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لەیەک دەچن ئەوا لە ڕیزبەندیەکەدا دەکەونە کۆتاییەوە .

زۆر جار وشە فرەواتاکان سود بە یادگەی دەگەیەنن ، بەڵام هەندێک جار دەبنە هۆکاری زیان گەیاندن بە یادگە ، ئەمەش لە کاتیکدایە ئەو کەسانەی کە یادگەیان لە ئاستێکی باش دایەدەتوانن، چەندین زانیاری بهێڵنەوە لە یەک کاتدا چالاکیان بکەن ،ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی کێبڕکێ بە ڕێژەیەکی زیاتر لە نێوان ئەم مانایانەدا بۆ ئەوەی مێشک بتوانێت بڕیار بدات کام وەرگێڕان هەڵبژێرێت ،ئەم کێبڕکێش دەبێتە هۆی هێواشکردنەوەی وەرگێڕان، بەڵامدەتوانێت وشەی فرەواتایی سودێ هەبێت چونکە یادگەی ئاستی بەرزتر دەتوانێت یارمەتی دەدبێت بۆ ئاخێوەر بۆ ئەوەی بتوانێت مامەڵە لە گەڵ وشە فرەواتاکان یاخود ناڕونەکاندا بکات .چونکە تاکوو زانیاریەکانی زیاتر بن سەرچاوەی مەعریفی زیاتر دەبێت((Michael and Tokwicz,2011,84).

بە پشت بەستن بە مۆدێل تۆڕ و یادگەی یەکگرتوو وشە فرەواتاکان دەکرێت هەموویان بەشێوەیەکی یەکگرتوو لە یادگەدا هەڵگیرابێتن ،ئەمەش بە هۆی گەیشتنی زانیاریەک لە ڕێگەی یەکێک لە گەیەنەرە هەستیەکان بە مێشک ، ئەوا نەک تەنها فرەواتاکانی ئەو زمانە بەڵکوو فرەواتاکانی زمانی تریش لە مێشکدا چالاک دەبێت .

توێژەرانیش باس لەوە دەکەن کە ئاخێوەرانی فرەزمان یادگەیان بە شێوەیەکی یاگرتوو ڕێکخراوە واتا هەموو زمانە جیاوازەکان کە ئاخێوەرێک دەیزانێت لە یەک تۆڕی واتایدا گرێدراون بە یەکترەوە کاتێک ئاخێوەرێک دەستپێڕاگەیشتنی بۆ وشەیەکی فرەواتا چالاک دەبێت مێشک بە شێوازێکی ئۆتۆماتیک واتای وشەکە لە زمانەکەدا چالاک دەکات بەڵام بۆ دەستکەوتنی واتای گونجاو و دروست و بۆ کۆنترۆڵکردنی یادگە پشت بە ژینگەی دەوروبەر دەبەستێت بۆ ئەوەی توشی شڵەژان و سەرلێشێواوی نەبێت . (Elston Guttler,Gunter and kotz,2005,58-59).

بەڵام ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان وشە فرە واتاکان ووشە هاوشێوەکان ئایا کامیان لە یادگەی ئاخێوەراندا زوتر دەستپێڕاگەیشتنی بۆ دەکرێت ؟

توێژینەوەکان دەریان خستووە کە وشە فرەواتاکان بە شێوازێکی خێراتر دەدۆزرێنەوە ، و تاک زووتر دەستپێراگەیشتنی بۆ وشەی ئامانج زیاتر دەبێت لە وشە هاوشێوەکەن ئەوەش بە هۆی لێکچونی واتایی زووتر دەتوانن بگەن بە وشەی ئامانج بۆ وڵامدانەوەی دروست ، بڕیاردانی مێشک بۆ هەڵبژاردنی وشەکە چونکە ئەم لێکچونە واتاییە وا دەکات کە مێشک وزەیەکی کەمتر بەکاربهێنێت بۆ جیاکردنەوەیەن بە بەراورد بە وشە هاوشێوەکان کە بە پێچەوانەوە مێشک وزەیەکی زیاتر بەکاردەهێنێت بۆ جیاکردنەوەیان (Michael and Tokowicz, 2011 , 15).

**هاوواتایی**

هاوواتا بریتیە لەو وشانەی کە لە ڕێنووسدا جیاوازن بەڵام هەمان واتا دەبەخشن .یاخود واتاکانیان زۆر لەیەکترەوە نزیکن ، بۆ نموونە وشەی (هاوڕێ ) بە چەند وشەیەکی تریش ئاخێوەر دەتوانێت ئەم واتایە دەربڕێت وەک ( هەڤاڵ ، برادەر ) ، یاخود وشەی (ئازا) کەهەمان واتای (چاونەترس ، دلێر ) دەبەخشێت ، هەر بۆیەش لاکاتی بیستنی و شەیەکی هاوواتا ئەوا هاوواتایەکانی تریشی۔ لەگەڵی دا چالاک دەبن .



چاوەترس دلێر

**چالاک بوونی وشەی هاوواتاکان لەیەک کاتدا لە یەک زماندالای ئاخێوەری تاک زمان**

لە توێژینەوەکاندا توێژەران باس لەوە دەکەن کە ئاستی چالاکبوونی وشە هاوواتاکان بە تەواوی بەندە بە نزیکی چالاکبوونی لەگەڵ وشەی مەبەستدا (Costa and Sebastian-Gallés,2000,1283)بەواتای ئەوەی لەگەڵ گەیشتنی وشەیەکی هاوواتا بە مێشک هەموو وشەکانی تر کە هەمان واتایان هەیە لەگەڵی چالاک دەبن ،جا ئەگەر ئەو وشە هاوواتایانەی دیکە وشەی ئامانج نەبن بۆ درکاندن ، بەڵام هەر بۆیەش کاتێک کە مرۆڤ بە مەبەستی درکاندنی وشەیەک هەموو وشە هاوواتاکانی کە زۆر لەیەک دەچن و خاڵی هاوبەشیان لە لە یادگەدا بە شێوەیەکی بەرچاو زۆرە بە شێوازێکی خۆنەویست ئامادە دەبن .واتا ئاستی چالاکبوونی وشەکان کە وشەی ئامانج نین و قسەکەر نایەوێت بیاندرکێنێت و بێلێت گرێدراوە بە ڕێژەیەکی نزیکی واتایان لە وشەی ئامانجەکە یاخود مەبەستدارەکە ،ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە وسەلمێنەری ئەوەیە کە یادگەی واتایی لە شێوەی تۆڕێکی ڕێکخراو و بەیەکەوە بەستراودایە .

توێژەران بە پشت بەستن بە توێژینەوەکانیان ئاماژەیان بەوە داوە و پشتراستیان کردۆتەوە کاتێک ئاخێوەرێک دەیەوێت وشەیەک بڵێت تەنها بە هۆی زۆری ڕێژەی نزیکیان لە یەکترەوە ئەم پرۆسەی چالاکبوونی وشە هاوواتایانە تەنها لە قۆناغی سیمانتیکیدا ڕوونادات، بگرە لەقۆناغی فۆنۆلۆجیش دەگرێتەوە و پرۆسەی چالاکبوونی تێدا ڕوودەدات (سەرچاوەی پێشوو ،١٢٨٣-١٢٨٤) بە واتای ئەوەی کاتێک ئاخێوەرێک دەیەوێت وشەیەک دەربیرێت و بێلێت مێشک هەموو دەنگەکانی وشەی نائامانجیش چالاک دەکات نەک تەنها واتاکای بۆ نموونە ئاخێوەرێک لە کاتی وتنی وشەیەکی وەک( هاوڕێ) دەکرێت هەموو دەنگەکانی وشەهاوواتاکانی چالاک بکات.

هاوڕێ---------- ه /ا/ و/ ڕ/ ێ

برادەر ---------- ب / ر/ا/ د/ ە/ ر

ڕەفیق---------- ڕ/ ە / ف/ ی/ ق

یاخود وشەیەکی وەکو ( ئازا ) دەکرێت هەموو دەنگەکانی وشەکانی هاواتای ئەو وشەیە لە مێشکیدا چالاک دەبێت.

ئازا -------- ئ/ ا/ ز/ ا

دلێر-------- د/ ل/ ێ/ ر

چاوەترس ------ چ /ا/ و/ ن/ ە/ ت/ ر/ س

بەڵام ئەگەر وشە هاوواتاکان لە یادگەی ئاخێوەرانی تاک زماندا چالاکی وشە هاوتاکان هاوکات بن ،بە هۆی نزیکی واتاییان لەیکترەوە ،کەوایە لای ئاخێوەرانی فرە زمان دەبێت چۆن بێت، چونکە نزیکی واتای لای ئاخێوەرانی یەک زمان لەوانەیە هاوواتای تەواو نەبن ، هەروەکو چۆن دەوترێت هاوواتای تەوەو لە زماندا نیە ، بەڵام لای ئاخێوەرانی فرەزمان واتاکان بەرێژەی سەدا سەد وەک و یەکترن ،

توێژەران لە توێژینەوەکانیاندا باسیان لەوە کردوە کە وشە هاوواتاکان لای ئاخێوەرانی فرەزمان لێکچونیان لە یادگەی مرۆڤدا بە ڕادەیەکی زۆر لە هاوواتایەکی ئاسایی زیاترە ، چونکە لە هەردوو زمانەکەدا وشە وەرگێردراوەکە هەڵگری هەمان واتان، بە هۆکاری ئەمەش لە کاتی ئاخاوتندا لای ئاخێوەرانی فرەزمان بە یەکێک لە زمانەکان وشەی زمانەکای دیکەش چالاک دەبێت بە شێوەیەک کە تا بەرزترین ئاست بێت (سەرچاوەی پێشوو، ١٢٨٤)، بۆنموونە وشەیەکی وەکو (کۆن) کە لەزمانی کوردیدا هاوتایەکی تری هەیە ئەویش وشە( دێرین)ە. یاخود وشەی (خەم) کە هاوواتایەکی تری (پەژارە، خەفەت ) ، یاخود (زانا ) کە هاوواتاکەی (شارەزا)یە ، بەڵام هیچ یەک لەم هاوواتایانە کە لە زمانی کوردیدا بەدیدەکرێت هاو واتای تەواو نین ، واتا سەدا سەد هەمان واتا نادەن بەدەستەوە ،

بەڵام وشەیەکی وەکو (سەر) لە زمانی کوردیدا هاواتای وشەی(رأس)ە لە زمانی عەرەبیدا ،هەربۆیەش لە کاتی بیستنی وشەیەکی هاواتا ئەوا هاواتەکەی لە زمانەکەی تریشدا چالاک دەبێت

سەر

رأس

**چالاکبوونی گرێ وشەی هاواتا لە دوو زمانی جیاواز لەیەک کاتدا لای ئاخێوەری فرەزمان**

بەڵام بە پشت بەستن بە توێژینەوەکان باس لەوە دەکەن، کە ئەو وشانەی کە هاواتای یەکترن لە دوو زمانـدا کە واتاکانیـان وەکـو یەکە و دەنگەکانیشـیان وەکـو یەکە ،ئەوا چالاکبوونیـان خێراتـرە و لە کاتی وتنیان لە لایەن ئاخێوەرەوە ئاسانترە بۆ دۆزینەوە یاخود ناسینەوەی وشەی دروست ،بە بەراورد بەو وشانەی کە واتاکانیان لە هەردوو زمانەکە وەک و یەکە، بەڵام دەنگەکانییان جیاوازبێت ( Dijkstar, 2000, 176) . بۆ نموونە ئاخێوەرێکی فرەزمان کە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەزانێت لە کاتێک بیەوێت وشـەیەکی وەکـو( قەڵەم )بدرکێنێت ئەوا هاواتاکەشی لە زمانی دووەمدا لە مێشکیدا چالاک دەبیت کە وشـەی ( قلم ) ە کە لە هەردوو زمانەکەدا چ لە ڕووی واتاوە چ لە ڕووی دەنگەوە لێکچون لەنێوانیادا هەیە .

قەڵەم ---------- ق / ە / ڵ / ە / م

قلم ------------ ق / ل / م

ئەم لێکچونی دەنگ و واتایە لە نێوان لەنێوان هاواتاکانی دوو زمانی جیاوازدا لای ئاخێوەرێکی فرەزمان وا دەکـات ،هەردووکیـان دەبـنە پاڵپشـت بـۆ ئەوەی لە کـاتی دەربـڕین بە یەکێـک لەو دوو زمـانە بە خێرایەکی زیاتر دەربربڕدرێن ، لە وشـەیەک کەتەنها لە ڕووی واتاوە لە یەکتر دەچن . بۆ نموونە لە کاتی ئاخاوتندا لای ئاخێوەرانی فرەزمان کاتێک دەیەوێت وشـەی (ئاو) بەزمانی کوردی دەربرێت لە هەمان کاتدا وشـەی (مـاء)یش لە زمانی عەرەبیدا لە مێشـکدا چـالاک دەبێـت، بەڵام بە هـۆی لێکنەچـوونی دەنگیـان کە لە یەکـترەوە دوورن و سـەرەڕای لێکچـونی واتاییـان ئەوا بە ڕێـژەیەکی خـاوتر و هێواشـتر دەردەبرێن .

ئاو --------- ئ / ا / و

ماء-------- م / ا / ء

بە وایەکی تر ئاخێوەرانی فرەزمان بۆ وتنی وشـەیەکی فرەواتا کە لە دەنگ و واتادا لە یەکدەچن یاخود لەیەک نـزیکن خێراتـر ناویـان دەبەن، چـونکە نـوێنەرایەتی (واتـای ) و (دەنـگی ) هاوبەشـیان هەیە و پشـتگیری لەیەکـتر دەکەن ،لە بـری ئەوەی کێـبڕکێ لەگەڵ یەکـتردا بـکەن ، و هەروەهـا خێراتـرن بـۆ دەستپێڕاگەیشتن پێیان ،

واتا بە پشت بەستن بە سیستەمی واتایی هاوبەش و چالاکبوونی هاوتەریب لای ئاخێوەرانی فرەزمان بۆ وشە هاوواتاکان لە یەک سیستەمی واتایی هاوبەشدا دانراون و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە یەک کاتدا هاوواتاکان چـالاک دەبـن لە هەردوو زمـانەکە ، بۆ ئەوەی ئـاخێوەر بیربکاتەوە کە بە کـام زمـان قسـە دەکات .

بە پشت بەستن بە توێژینەکان کە باس لەوە دەکەن ، کە دوو مەرجی بنەڕەتی هەیە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیانە ئەویش بوونی سیستەمێکی واتای هاوبەش کە بە شێوازێکی چالاکبوونی هاوتەریب وشەکان بۆ



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

Costa and Sbebstian-) دركاندن له یادگەدا هەموویان لەیەککاتداو لە یەک شوێندا ئامادە دەبن .
1285 ,2000, Gallés) بەڵام لە هەندێک لەو توێژینەوانەی کە لە ڕابردوودا ئەنجام دراون باسیان لەوە دەکرد کاتێک ئاخێوەرێکی فرەزمان وشەیەک بە زمانێک دەخوێنێتەوە یاخود دەیەوێت دەریببڕێت ئەوا زمانەکەی تر لە مێشکیدا بە شێوازێکی ئۆتۆماتیکی دەکوژێنێتەوە ،بەڵام ئێستا بە پشتبەستن بە توێژینەوە تازەکان کە لە ساڵانی دواتردا ئەنجامدراون ئەم بڕوایە گۆڕاوە ، و پێیان وایە لەکاتی ئاخاوتندا بە زمانێک هەموو وشە هاوتەرییەکان لە هەموو زمانەکاندا چالاک دەبن ،مێشک چاوەڕوان نابێت تا دڵنیا بێت بزانێت سەر بەکام زمانە .

**هۆمۆنێم**

هۆمۆنێم بریتیە لە وشەیەک کە دوو واتای جیاوازی هەبێت ، کە هیچ پەیوەندیان بەیەکتروە نیە. بۆیش پێیان دەوترێت وشەی لێڵ .بەواتای ئەوەی کە بوونی ووشەیەک کە لە ڕێنووسدا وەک ویەکن بەڵام واتاکانیان جیاوزە ،لە هەمانکاتدا هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نیە .بۆ نموونە وشەی (شیر )لە زمانی کوردی داکە چەند واتایەک لە خۆدەگرێت .

شیر---------ئەو شیرەی کە دەخورێتەوە

شیر---------شیر کە وەک و چەکێک بۆ شەڕکردن بەکاردێت

یاخود وشەیەکی وەک و (تاڵ) کە لەزمانی کوردیدا چەند واتایەک لەخۆدەگرێت.

تاڵ---------بەواتای تامێکی تاڵ

تاڵ---------بەواتای تاڵی قژ

وەک و لەم نموونانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت وشەیەکی (تاڵ ) و (شیر) هەردووکیان دوو وشەی هۆمۆنێمن کە چەند واتایەکی جیاواز و ناپەیوەندیداریان بەیەکەوە هەیە .

دەکرێت بپرسین ئایا وشەی هۆمۆنێم کاریگەری لەسەر یادگەی واتایی هەیە ؟ وەئەگەر کاری گەری هەیە کاریگەریەکانی چین بە ڕێکخستنی یادگەی واتاییەوە ؟

زمانەوانان سەبارەت بە هۆمۆنێمەکان پێیان وایە کە ئەم وشانە لە بنەڕەتدا وشەگەلێکی جیاوازن ،بەڵام بە ڕێکەوەت هەمان شێوازی نوسین و فۆرمیان نوسین و دەنگیان وەرگرتووە ،

سەبارەت بە ریکخستنی پەیوەندی هۆمۆنێمەکان لە یادگەی واتاییدا توێژەران ڕای جیاوازیان هەیە و نوێنەرایەتیکان لە مێشکدا بۆ وشە هۆمۆنێمەکان مامەڵەیەکی جیاواز و تایبەتییان هەیە کە بە شێوازێک دوو حاڵەتیان تێدا بەدی دەکرێت . هەندێکیان پێیان وایە کە هۆمۆنێمەکان لە یادگەی مرۆڤدا نەبەستراون بەیەکەوە ،بەڵکو هەر واتەیەک لە گرێ یاخود نۆدێکی جیاوازی خۆی هەیە لە تۆڕی فەرهەنگی لە مێشکدا ، بەڵام بەهۆی چالاکبوونی هاوکات بۆ وشە هۆمۆنێمەکان دەکرێت سەرجەم واتا جیاوازەکان پێکەوە چالاک ببن و ئەمەش وا دەکات پێکدادان و کێبڕکێ نێوان گرێکان لە یادگەی سیمانتێکیدا ڕووبدات بە هۆی نەبوونی هاوبەشی سیمانتیکی . هەر ئەمەش دەبێت هۆکاری ململانێیەکی بەهێز ،ئەمەش وا دەکات لە نێوان ئەم واتا نا پەیوەندی دارانە مێشک پێویستی بە کاتی زیاتر دەبێت بۆ گەیشتن بە واتاکای دروست .

کاتێک وشەیەکی هۆمۆنێم لای ئاخێوەرێکی فرەزمان بە یەکێک لە زمانەکان وشەیەک دەبینێت یاخود دەیبیستێت ئەوا هاواتاکەی لە زمانەکەی تریشدا چالاک دەبێت ،هەر بۆیەش ئاخێوەرانی فرەزمان لە کاتی وەرگرتنی وشەیەک لە هەستوەرگرەکان کە شێوەیان وەک یەکە ،بەڵام واتایان جیاواز بێت بەریەکەوتنی زمانەوانی لە مێشکدا ڕوودەدات ، بۆ نموونە ئاخێوەرێکی فرەزمان کە زمانی کوردی و عەرەبی دەزانێت کاتێک وشەی(قەرە) دەبینێت کە لە زمانی کوردیدا بە واتای ڕەش دێت بەڵام (قرا)لە زمانی عەرەبیدا بە واتای( خوێندنەوە) دێت ،لە یەک کاتدا مێشک چەمکی (ڕەش) و (خوێندنەوە) چالاک دەکات ،بەڵام مێشکی ئاخێوەرەکە هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی واتای دروست و ئامانج و واتای نائامانجیش سەرکوت دەکات ،



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

ئەمەش بە پشت بەستن بە بۆچونی توێژەران کە ئاماژەیان بەوە داوە کە هۆمۆنیم لای ئاخێوەرانی فرەزمان ئالۆزترە ،ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی بۆ هەر واتایەک وشەیەکی جیاواز ئامادەیە ،وە ئەگەر ئاخێوەرێک بیەوێت وشەیەکی عەرەبی وەربگێرێتە سەر زمانی کوردی خاوبوونەوە لە مێشکی ئاخێوەرەکەدا دروست دەبێت ، تا بڕیار بدات کامیان مەبەستە دروستەکەیە ئەمەش نیشانە و سەلمێنەری بونی کۆگایەکی هاوبەشە ( Hoshino and Thierry,2011,101 )
هەرچەندە لە پێشتردا زانایان وای بۆ دەچوون کە هەموو ناڕوونیەک دەبێتە هۆکاری زوو ناسینەوەی وشەکە ،بەڵام توێژەرانی وەک ڕۆد و هاوکارەکانی بە پێچەوانەوە لە توێژینەوەکانیاندا باس لەوە دەکەن کە ناڕوونی وشەیەکی وەک هۆمۆنیمەکان خێرایی ناسینەوە کەم دەکەنەوە و زیانیان هەیە ،بەڵام دەکرێت وشەیەکی فرەواتای بە پێچەوانەوە دەکرێت بەسوود بێت بۆ زوو ناسینەوەیان و دەبێت هۆکارێک بۆ دەوڵەمەند بوونی مێشک بە زانیاری زیاتر .( Rodd and Marslen-wilson , 2002 , 246-247 )
هەروەها ئاخێوەرانی فرەزمان زۆر جار چەمکی هۆمۆنیم بۆ نوکتە و تەنز بەکاردەهێنن، بە هۆکاری ئەوەی ئاخێوەرانی فرەزمان بەرچاو ڕوونە و دەزانێت کە هەندێک وشە لە دوو زماندا هەمان دەنگیان هەیە ، بەڵام واتاکانیان جیاوازە ، زۆر جار ئەمە وەک گاڵتەکردن و هونەری قسەکردنیش بەکاردەهێنن ،هەر بۆیەش ئاخێوەری فرەزمان زۆر جار کاتێک قسەیەک دەکات زۆر بەئاگایەوە قسە دەکات . ئاگایی لە دەوروبەر (سیاق) دەبێت بۆ ئەوەی دەوروبەری تێبگەیەنێت کە بە چ مەبەستێک بەکاری هێناوە .
بەڵام ئەگەر بپرسین ئایا وشە هۆمۆنیمەکان ناسینەوەیان خێراترە یاخود وشە فرەواتاکان ؟بە پشت بەستن بە بۆچوونی زانایان پێیان وایە کە وشەی هۆمۆنیم بوونی یەک وشەیە بە چەندین واتای ناپەیوەندیدار ،لەکاتی گەیشتنی وشەیەکی هۆمۆنیم بە مێشک و چالاکبوونی واتایەک واتای دووەمیش چالاک دەبێت ،ئەمەش دەبێت هۆی دروستکردنی بەربەست و وا دەکات مێشک پێویستی بە کاتێکی زیاتر بێت بۆ ئەوەی بڕیار بدات و یەکلایی بکاتەوە بۆ ناسینەوەی واتای مەبەست ،بەڵام وشەیەکی فرەواتایی کاتێک کە هەموو واتاکانی پەیوەندی دارن و هەمان ڕاڤەیان هەیە ، لە بری ئەوەی ببنە هۆی دروستکردنی بەربەست بۆ یەکتری دەبنە هۆکاری بەهێزی ، چونکە بە زیادبوونی ڕاڤەی زۆرتر نوێنەرایەتی لە مێشکدا دەوڵەمەند تر دەبێت، ئەمەش هۆکارێک دەبێت بۆ خێرا ناسینەوەی ،بۆ نموونە وشەی (شێر) کە وشەیەکی هۆمۆنیمە کە چەند واتایەکی ناپەیوەندیداریان هەیە ، کاتێک ئاخێوەرێک گوێی لەم وشەیە دەبێت مێشک ناتوانێت بە شێوازێک ئاسان ئەم دوو مانایە یەکلایی بکاتەوە ،ئەمەش دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی خێرای لە ناسینەوەی واتاکە.

شێر---------- شێرپەنجە ( ئاماژەیە بۆ نەخۆشییەکی کوشندە)

شێر --------شێر (ئاماژەیە بۆ ئاژەڵێکی دڕندە )

بەڵام وشەیەکی فرەواتایی وەک (چاو) کە دەکرێت چەند واتایەکی هەبێت بەڵام پەیوەندیدارن، کە هەمویان هەمان ڕاڤەیان هەیە کە هەموو ماناکان لە چەمکێکەوە سەرچاوا دەگرێت کە کونێکە یان ئەندامێکی شێوە خڕە واتاکەی بەیەکەوە بەستراوە ،

چاو-------چاو ( ئەندامی بینین )

چاو ------ چاوی کانی

چاو-------چاوی کامێرا

بۆ ئاخێوەرانی فرەزمانیش بەهەمان شێوە ، لەکاتی ویستن بە واتای مەبەست وشە هۆمۆنیمەکان بەهۆی نەبوونی پەیوەندیان لە نێوان واتاکانی وشەکە لە نێوان دووزمان لای ئاخێوەرێکی فرەزمان ،کە دەبێتە هۆکاری درەنگ ناسینەوەیان ،بەڵام بە پێچەوانەوە بە بەراورد بە وشە هۆمۆنیمەکان ، وشە فرە واتاکان تا ڕادەیەک ناسینەوەیان لە وشە هۆمۆنیمەکان ئاسانتر وکاتی کەمتریان پێویستە ، چونکە واتاکانی پایوەندیدارن بە یەکترەوە لە نێوان زمانەکاندا.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئەنجامەکان

١-وشەکان لە یادگەی سیمانتیکیدا بە شێوەی تاک و دابڕاو هەڵناگیرێن ،بەڵکو بە شێوەی تۆڕێکی پەیوەندیدار بەیەکەوە بەستراون .ئەم تۆڕە واتایانەش کارئاسانی دەکات بۆ خیراترکردنی پرۆسەی دەستپێڕاگەیشتنی فەرهەنگی و دۆزینەوەی وشەکان.

٢-ئاخێوەرانی فرەزمان خاوەنی یەک سیستەمی واتایی یەکگرتوون .لە کاتی بیستنی یان بینینی وشەیەک بە زمانێک وشەکان و واتاکانیان لە زمانەکانی تریشدا چالاک دەبن .بێ ئەوەی مێشک چاوەڕێ بکات بزانێت وشەکە سەر بە کام زمانە .

٣- وشە فرەواتان کە واتاکانیان پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە خێراتر و ئاسانتر لە یادگەدا دەناسرێنەوە بە بەراورد بە وشە هۆمۆنێمەکان کە واتاکانیان کێبڕکێی توند دەکەن و دەبنە بەربەست بۆ یەکتر .

٤-بوونی وشەی لێڵ دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی پرۆسەی دەستپێڕاگەیشتن بە وشە . مێشک پێویستی بە کات و وزەی زیاترە بۆ ئەوەی واتای مەبەستدار یەکلایی بکاتەوە و واتای نائامانج سەرکوت بکات .

سەچاوەکان


1- Aitchison, J. (2012). Words in the Mind: An Introduction to the Mental Lexicon (4th ed.). Wiley-Blackwell

2- Costa, A., Caramazza, A. and Sebastián-Gallés, N. (2000) 'The relative proximity of syntactic and semantic information in bilingual lexical access: evidence from Spanish-Catalan bilinguals', Journal of Memory and Language, 43(3), pp. 1283–1290.

3- - Dijkstra, T. (2000) ‘Bilingual word recognition: Models and methods’, in Baayen, R.H. and Schreuder, R. (eds) Lexical representation and process. Cambridge, MA: MIT Press, p. 176

4- Elston-Güttler, K. E., Gunter, T. C. and Kotz, S. A. (2005) 'Zooming into L2: global language context and adjustment affect processing of interlingual homographs in sentences', Cognitive Brain Research, 25(1), pp. 57–70.

5- Hoshino, N. and Thierry, G. (2011) 'Language selection in bilingual word production: electrophysiological evidence for cross-language competition', Brain Research, 1371, pp. 100–109. doi: 10.1016/j.brainres.2010.11.053. Hoshino, N. and Thierry, G. (2011) 'Language selection in bilingual word production: electrophysiological evidence for cross-language competition', Brain Research, 1371, pp. 100–109. doi: 10.1016/j.brainres.2010.11.053.

6- Michael, E. B., Tokowicz, N., Degani, T. and Smith, C. J. (2011) 'Individual differences in the ability to resolve translation ambiguity across languages', Bilingualism: Language and Cognition, 14(3), pp. 313–325

7- Rodd, J., Gaskell, G. and Marslen-Wilson, W. (2002) ‘Making Sense of Semantic Ambiguity: Semantic Competition in Lexical Access’, Journal of Memory and Language, 46(2), pp. 245–266